# پارادۆکس

حەمەسەعید حەسەن

لە کوردستان

هیچ نابینم ئاسایی

دزی گچکە

دەبێتە میوانی زیندان،

دزی مەزن بە وەزیری دارایی.

کوردستان وڵاتێکە پڕ لە ناکۆکی و پارادۆکس. داوا دەکەین کوردستان یەک ناوچەی فیدراڵ بێت و خۆمان کردوومانە بە دوو لەتەوە! یەک پەرلەمانمان هەیە، کەچی خاوەنی دوو ڕژێمی فەرمانڕەواین. پەرلەمانەکەمان تاقە پەرلەمانی دنیایە کە جێی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا نابێتەوە! وەک چۆن شۆڕشەکانمان درێژخایەن بوون، پەرلەمانەکەشمان درێژخایەنە و تاقە پەرلەمانە کە هەموومان دەزانین، کەی کراوتە نێو قوتووەوە، وەلێ کەسمان نازانین کەی ئێکسپایەر دەبێت. مووچە بە دۆلار دەدەین و کڕین و فرۆشتن بە دینارە! بەهای پارەیەکی پواو کە تەنیا لای ئێمە ئەرزشی هەیە، لە ئاستی دۆلاردا کە حوکمی دنیا دەکات، بڵند دەبێتەوە! ئیسلام و خێڵ بەڕێوەمان دەبەن و وڵات بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی نێوزەد دەکەین. ئەوی چەند ڕستەیەکی باڵدار لە زارییەوە هەڵفڕی بێت، داوای بڕینی نانی و زمانی دەکەین، کەچی پێمان وایە، ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە هەڵکشاندایە!

ئەوە ئەمریکایە دوازدە ساڵە دەمانپارێزێت و کوردستانی بۆ (ئازاد) کردووین، کەچی دەبێژین: ئەم ئازادییە بەرهەمی خەباتی نەپساوەی حیزبمانە! گلەیی لە بەعس دەکەین کە قەلاچۆی دەکردین و لە کۆقەبردا حەشاری دەداین، کەچی خۆمان دەرهەق بە نەیارانمان، گەلێک جار بە هەمان شێواز ڕەوتارمان کردووە! ڕەخنە لە ڕژێم دەگرین کە ئەنفالی دەکردین، کەچی بۆ ڕۆنانی دواڕۆژێکی گەش، ڕاوێژ بە ئەنفالچییان دەکەین و تەنانەت پۆستی هەستناکیشیان پێ دەسپێرین!

حیزب کە دەزگایەکە بۆ خزمەتکردن بە توێژێک، یان چینێکی کۆمەڵ دێتە گۆڕێ، ئێمە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە خزمەتکاری حیزب دەزانین! دیواری ماڵی خۆمانمان خوار ڕۆناوە، کەچی سەرقاڵی ئەوەین، چۆن دراوسێ فێر بکەین دیواری ماڵی خۆی ڕاست ڕۆ بنێت! دژی ئەوە بووین کە دیکتاتۆر خەڵکی عێراقی ناچار دەکرد، بیپەرستن، کەچی خۆمان بەردەوام ڕێکلام بۆ تاکپەرستی دەکەین و وێنەی دیکتاتۆری کۆن دەدڕێنین و وێنەی پرۆژەی دیکتاتۆرێکی نوێ بڵند دەکەینەوە!

توند ڕەخنەی ئەوەمان لە سەرانی بەعس دەگرت، کە خۆیان بە خاوەنی عێراق دەزانی و داهاتی وڵاتیان وا دەخستە گەڕ، وەک سامانی خۆیان بێت، کەچی سەرانی خۆمانیش هەر لە هەمان گۆشەنیگاوە سەرنجی داهاتی کوردستان دەدەن و هەر بە هەمان شێوەش بە گەڕی دەخەن! لە دوای ڕێککەوتننامەی واشینگتۆنەوە کە پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، نەمانتوانیوە دوو ئیدارەکەی کوردستان یەک بخەینەوە، کەچی گلەیی ئەوەمان لە ئەمریکا هەیە، کە لە بواری چێکردنی ئیدارەیەکی کاتیدا کە عێراق بەڕێوە ببات، دەستوبرد ناکات، ئەگەرچی دوو مانگ بەسەر سڕبوونی ماری بەعسدا تێپەڕیوە!

2003. 06. 12